تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer

وەرگێر: ڕەحمانی سۆفی

# ئەندێشەکی تورە

تۆفانێک هێز بە باڵی ئاش دەبەخشێ

کە کێویانە لە تاریکی شەودا بگەڕێ، و

نەبوون بە زمهەڕ بکا

تۆش بە هەمان قانون چاوچڕی خەوی

شەوچرای دەست

ژێر زگی بۆرکوسەی خۆڵەمێشییە

بیرەوەرییەکی تەماوی

لە قوڵایی دەریادا نوقم دەبێ

لەوێ دەبیەستێ، و

دەبێتە پەیکەرێکی نامۆ

سەوزە خەزە گۆچانی تۆیە

ئەو کەسەی گەڕۆکی دەریابێ پتەو دەگەڕێتەوە.